# بەشداری واجبی ئاینییە.. دەبێ بەجێی بێنن!!
# خواش لەگەڵ هەڵبژاردندایە

محمد غفور
mgafor@yahoo.com
20/01/2005

وەزیری ئەوقافی حکومەتەکەی تالەبانی فتوای داوە کەخوای گەورەش لەگەڵ هەڵبژاردندایە.بۆیە عەبدەکانی خوا لەسەرزەمینی کوردستان،لەم بارودۆخە هەستیارەدا واجبێکی ئایینی دیکەیان لەسەر فەرزکراوە.ئەویش بەشداریکردنیانە لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا.دەفەرمێ دەنگدان بۆپەرلەمانی کوردستانیش هەمان واجبە بۆئەوەی "ئیمانیان قایمبێت!"،فەقەت موخەییەرن دەنگ بەکام حیزب دەدەن.فەرزنەکراوە بۆتان دەنگ بەکام لادەدەن،مادام هەموو لیستەکان کوردن خۆتان موخەیەرن.ئەمەش ئازادییەکی باشە ولەسایەی "سەری حوکمڕانانی کوردستانەوە"پێتان بەخشراوە وجێگای حەمدوسەنایە بۆتان.بەڵام فەرزو واجبە لەسەرتان سەرەڕای هەر ئیعترازێکتان بەم دەسەڵاتدارانە وبەحیزبەکانیان، ئەمڕۆ چاوپۆشییان لێبکەن،وبەشداری هەلبژاردنی عێراق بکەن،هەوەها واجبیشە لەسەرتان دەنگ بە"کورد بدەن"!.هەرچەند لایەنەکانی تریش هەموو برای دینین،بەڵام لەم قۆناغە گرنگەدا کەپرۆسەی دیموکراتی ئەنجام دەدرێت،ململانێ بۆ بردنی بەشی زیاتر شەرعییە،وهەتا تەزویرکردنیش فەزیلەیەکی خواوەندە بۆ "برایانی مەزلوم وموسلمانی کورد" ولەپێناوی بەرژەوەندی"کورددا"حیلەی شەرعیش مەترەحە!عالی مەقامی وەزیر داوای لەووتاربێژانی مزگەوتەکان کردووە کەئەم واجبە تازەیە بۆ "موسلمانانی کورد" ڕوونبکەنەوە وهانیان بدەن بۆ بەجێهێنانی.هەروەک چۆن کاتی ئەنفالکردنی گەرمیان وکیمیابارانی هەلەبجە وبالیسان لەلایەن ڕژێمی سەددامەوە،زانایانی ئایینی کوردستان وەکو واجبێکی ئاینی عالی جەنابی دیکتاتۆر سەددام فتوای شەرعی بوونیان لەسەر دا،وئەم حیزب وفەرمانڕەوایانەی ئێستا بۆیان دەپاڕێنەوە،ئەوسا بەخائن ومورتەد وموخەریب ونەعلەت لێکراو دەیانناساندن.هەر لەدەمی ئەم ووتاربێژانەی ئێستاوە ولەمینبەری هەر ئەم مزگەوتانەشەوە بەباڵای سەیدڕەییسیاندا هەڵدەدا کەلەڕێی خوادا ئەنفال وکیمیایی بەکاربردووە.

ئەمە گۆشەیەکە لەو مەسخەرە دیموکراتییەی بەناوی هەڵبژاردنەوە ئەمریکا وحیزب ودارودەستە قەومی وئیسلامی وعەشیرەییەکانی عێراق،دەرخواردی خەلکی دەدەن ودەیانەوێ هەموو ڕێگاکان لەخەلک بگرن بۆئەوەی ناچاریان بکەن ملبدەن بەبەشداری کردن،وشەرعییەتیان پێ پەنجەمۆر بکەن.پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی عێراق بەڕاستی هەر ئەمەیە کەدەبینین.ئەم ڕۆژانە هەموو شتێک بەسراوە بەم هەڵبژاردنەوە بۆ بۆرژوازی.خەلک "ئازادن!" لەهەموو شتێکدا،بەڵام ئازاد نین بلێن ئەمە هەڵبژاردن نییە،مەسخەرەیە وبەشداری ناکەین.واجبی نیشتمانی وفەرزی ئاینییە هەر دەبێت بەشداری بکەن. ئەوەی بەشداری نەکات خائنە لەگەڵ خودا،نیشتمان وگەل وهۆزەکەیدا!ئەمەیە پەیامی ئیسلام وقەوم وئەمریکا ودەولەتانی ڕۆژئاوا بۆ خەلکی عێراق.هەموویان یەکیان گرتووە لەبەرامبەر بەخەلکدا. خەلکیش دەبێ یەکبگرن ویەکپارچە موقاتەعەی هەلبژاردن بکەن.بمرێ دیموکراسی لەم جۆرە.